## رێنـمـــایی ژمـــاره (١)ی ســاڵی ٢٠٠٢
## تایبــەت بە هەڵكـەنـدنی بیـــری ئــاو لـــە هەرێمی كـوردستانی عێـراق

**ماددەی یەكـەم :** مۆڵەتی هەڵكەندنی بیری ئاو .

أ. مۆڵەتی هەڵكەندنی بیری ئاو بۆ سوودی گشتی :

١. لایەنگیری لە لایەن داواكار كەوا هەڵكەندنی بیرەكە سوودی گشتی تێدایە .

٢. دیاریكـــردنی مەبەســـتی هەڵكـەنـــدنی بیـــر ، وەك خواردنــەوە ، كــشتوكاڵ ، پیشەسازی و هی دیكە .

٣. بەڕێوەبەرایەتیەكانی ئـاوی ژێـر زەوی پارێزگاكـان پـاش ئـەوەی داوكارییەكـە لـە لایەنـە كارگێرییــە تایبەتمەندیەكانــەوەی بـۆ دەنێــردرێ لێكۆڵینــەوەی خۆیــان دەكــەن و بــۆ بەڕێوەبەرایــەتی گـشتی ئـاودێری و سەروچـاوەكانی ئـاوی دەنێـرن لـە گـەڵ دەربڕینـی ڕاو ڕاسپاردەیان .

٤. لیژنەیەكی پسپۆر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوبراو هەموو زانیارییەكان تاوتۆ دەكـات بـە زانیاریــە هایدرولـــۆجیەكانیــشەوە هەركــە تــــــەواوی مەرجـــەكانی لێ هاتـــەجێ ئـــەوا ڕەزامەندی لەسەر دەدرێ .

ب. مۆڵەتی هەڵكەندنی بیر بۆ كەرتی تایبەت .

بۆ مۆڵەتدان ئەو هەنگاوانە دەهاوێژرێن .

١.داوایەك دەدرێتە لایەنە كارگێرییە تایبەتمەندەكان .

٢.بەڕێوەبەرایەتیەكانی ئاوی ژێر زەوی پارێزگاكان لە داواكە دەكۆڵنەوەو پشكنینی تایبەت بە هایدرولۆجی دەكەن و زانیاریو ڕاسپاردەی پێویست بە شوێن دیار دەكەن وبە هاوپێچی وێنــەی داواكــەو نەخــشەی زەوییەكــە بـۆ بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی نـاوبراوی دەنێـرن ، تـا ڕەزامەندی لەسەر بدرێ یاخود نەدرێ .

٣.سەبارەت بە بیری كشتوكاڵی پێویـستە نووسـراوی لاگـیری بەڕێوەبەرایەتیـە گشتیەكانی كشتوكاڵی پارێزگاكانی لە گەڵدا بێت و بیسەلمێنێ كـە زەوییەكـە كـشتوكاڵیەو ، سـەبارەت بەو زەوییانەش كە كشتوكاڵی نین لە لایەنی پەیوەندیداری تایبەتمەندەوە لاگیری لێ بكرێت.

٤.دەبڕینی ڕا سەبارەت بە بەشە ئاو و دیاركردنی ماوەی نزیكترین بیر یان سەرچـاوەی ئـاو لەو پارچـەیەی كـە بـە نیـازی بـیر لێدانن و ڕەچـاوی ئـەو مـاوە پەیڕەوكراوانـە بكـرێ ، كـە لێكۆڵینەوە هایدرولۆجیەكانی دەراوەكانی ئاو بكرێ كە هاوپێچی ئەو ڕێنماییانەیە .

٥.ئەوە روون بكرێتەوە ئاخۆ ئەو پارچەیەی كە بیرەكەی لێ لێدەدرێ كـاری بـە چاكسازی زەوی دەكەوێ یاخود دوچاری ڕایەڵەكانی ئاودێری و شۆراندن دەبێ .

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٦. داواكار هەموو رەسمێكی یاسایی لە ئەستۆدایە .

**ماددەی دووەم :**

مۆڵەتی بیرلێدەران و ئامێری هەڵكەندن :

أ. مۆڵەتی بیرلێدەر و ئامێرەكانیان .

١. بە بێ وەرگرتنی مۆڵەتی پیشەی بیرلێدان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوبراو لە دوای هەبوونی ئەو مەرجانەی ئەو ڕینماییە دیاری كردووە ، نابێ هیچ كارێكی بیرلێدان بكات .

٢. داوایەك دەداتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوبراو .

٣. پێویستە بیرلێدەر كەشفێكی بیرلێدان و پێداویستیەكانی كە بەكاریان دەهێنێ و لە لایـەن لیژنەی تایبەتمەند تاوتۆبكرێ پێشكەشی بكات .

٤. پێویستە شارەزاییەكی كارایی لە كاری بیرلێداندا هەبێت یاخود هونەركارێكی هـەبێت كـە شارەزایی لە بواری بیرهەڵكەندندا هەبێت .

٥. جیولۆجییەكی هەبێت ، ئەگەر بۆشی نەكرا دەبێ هانا بۆ لایەنێكی ڕاوێژكاری تایبەتمەنـد ببات لەو بارەوە دوای ئەوەی بەڵگەنامەی ئەو بوارە نیشان دەدات .

٦. ماوەی مۆڵەتەكە یەك ساڵە و دەكرێ دوای ئەوەی رەسمی یاسایی دەدات نوێی بكاتەوە.

ب. ئەو مەرجانەی لە بیرلێداندا پێویستە پەیرەو بكرێن .

١. لیژنەیـــەكی تایبەتمەنـــدی هونـــەری لـــە بەڕێوەبەرایـــەتی گـــشتی نـــاوبراو لـــە زانیارییـــە هایدرولۆجیەكانی هەر بیرێك دەكۆڵیتەوە ، كە نیاز وایە لێبدرێ بە پێی ئیستمارەیەك كە بـۆ ئەو مەبەستە ئامادەكراوە .

٢. پابەنـــدبوون بە هەمـــوو ئەو مەرجە هونەریانەی كە بەڕێوەبەرایەتی گـشتی نـاوبراو بڕیـاری لێداوە .

٣. بـەكارهێنانی كەرەسـتەو ئـامرازی جـۆری بـاش بـۆ پاراسـتنی سەرسـەلامەتی بیرلێـدەر و كرێكارەكان ، دەبـێ بەڕێوەبەرایەتیـەكانی ئـاوی ژێـر زەوی پارێزگاكـان كەشـف و پـشكنین بكەن ، تا لە سەلامەتی كەرەستە بەكارهاتووەكان دڵنیابن .

٤. بیرلێـدەر لەسـەریەتی زانیـاری هایـدرولۆجی و شـیكردنەوە كیمیاییـەكانی ئـاو بـە پێـی ئیستمارەیەك ، كە بۆ ئـەو كارەیـان ئامـادەكردوە لـە مـاوەی مانگێـك لـە رۆژی تـەواوبوونی بیرلێدانەكەوە بە بەرێوەبەرایەتی گشتی ناوبراو بدات .

**ماددەی سێیەم :**

مۆڵەتی پیشەی كاری پشكنینی بیری ئاو :

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان

١. لەسەر خواستی ئەوەی دەیەوێ دەیدرێتێ لە پاش ئەوەی لێژنەیەكی تایبەتمەنـد كـەل و پەل و ئامێرەكانی خاوەن داوای مۆڵەت دەپشكنێ .

www.moikurdistan.com

٢. ماوەی مۆڵەت ساڵێکەو دوای ئەوەی رەسمی یاسایی بڕیاردراو دەدات نوێ دەکرێتەوە.

٣. مۆڵەت خواز شارەزایی لە کاری پشکنین هەبێ یان یەکێکی هەبێت بەسەر ئەو کارە رابگات .

٤. جیولۆجی سەرپەرشتی کاری پشکنین دەکات .

**ماددەی چوارەم :**

مۆڵەتی ئامێر و دەزگای پاراستنی‌و دامەزراندنی بیری ئاو و فرۆشتنی کەل و پەلی یەدەگ :

١. خاوەن دەزگاو نوسینگە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی پیشەی کاری پاراستن و دامەزراندن داخوازیەك پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوبراو دەکات و ، ئەو بەڵگەنامانەی پێوە هاوپێچ دەکات کە تواناو لێهاتوویی ڕاپەراندنی ئەو کارە پەسند دەکەن .

٢. دوای لایەنگیری لێژنەی تایبەتمەند مۆڵەتی دەدرێتێ .

٣. ماوەی مۆڵەتەکە ساڵێکەو دوای ئەوەی رەسمی یاسایی بڕیاردراو دەدات نوێ دەکرێتەوە.

**ماددەی پێنجەم :**

١. بڕی (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دینار وەك هەقی کەشفی لێدانی بیری ئێرتوزای بۆ سوودی گشتی وەردەگیرێ.

٢. بڕی (١٠٠٠) هەزار دینار وەك رەسمی بەخشینی مۆڵەتی لێدانی بیری ئێرتوازی وەردەگیرێ .

٣. بڕی (٥٠٠) پێنج سەد دینار هەقی کەشفی ئامێری بیرلێدانی کەرتی تایبەت وەردەگیرێ .

٤. بڕی (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار رەسمی بەخشینی مۆڵەتی بیرلێدانی کەرتی تایبەتی وەردەگیرێ .

٥. بڕی (١٠٠٠) هەزار دینار هەقی رەسمی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی ئامێرەکان وەردەگیرێ .

٦. بڕی (١٠٠٠) هەزار دینار رەسمی بەخشینی مۆڵەتی پیشەی کاری پشکنین و نوێ کردنەوەی وەردەگیرێ و (٥٠٠) پێنج سەد دیناریش هەقی رەسمی بەخشینی مۆڵەتی نوسینگەو دەزگاو نوێکردنەوەی وەردەگیرێت.

٧. بڕی (٢٠٠) دوو سەد دینار وەك هەقی کەشف لە نوسینگەکانی چاککردنەوەو فرۆشتنی کەل و پەلی یەدەگی تاقمی بیر وەردەگیرێ .

٨. بڕی (٥٠٠) پێنج سەد دینار وەك هەقی ئەو جیولۆجیانە وەردەگیرێت ، کە لە گەڵ خاوەن ئامێرەکانی بیرلێدان گرێبەستیان مۆر کردووە .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی شەشـەم :**

١. ئەگەر بیرلێدەر بـە بـێ وەرگرتنـی مۆڵـەت بـیری لێدا ، ئـەوا (٥٠٠٠) پێنـج هـەزار دینـار تاوانانەی لێدەستێندرێ و ، هەر کاتێ دووبارەشـی کـردەوە ئـەوا تاوانانەکـەی دوو چـەندانە دەبێ ، ئەوە سەرەڕای دەست بەسەراگرتنی ئامێر و کەل و پەلە بەکارهێنراوەکانی .

٢. بیرلێدەر (٥٠٠) پێنج سەد تاکو هەزار دینار پارەی لیدەسێنرێ ئەگەر هاتوو سەرپێچی لە بەنـدی /٤ی برگـەی / أ و بەنـدەکانی (١،٢،٣،٤)ی برگـە / ب /ی مـاددەی دووەمـی ئـەو ڕینماییانە کرد ، ئەگەر دووبارەشی کـردەوە ئـەوا دوو هەنـدی بـڕی پارەکـەی لێدەسـێنرێو مۆڵەتەکەشی لێدەسێنرێتەوە .

٣. بیرلێدەرو ئەوەی بیریشی بۆ لێدەدرێ بە یەکەوە بڕی (٥٠٠٠) پێنج هـەزار تـا (١٠٠٠٠) دە هـەزار دیناریـان لیدەسـێنرێ ، بـۆ سـاڵێکیش مۆڵەتەکـەی لێدەسـێنرێتەوە ، ئەگـەر بـە بـێ وەرگرتنی ئەو ڕەزامەندییانەی لەم ڕینماییەدا دیاری کراون دەستی بە بیرلێدان کرد .

٤. بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاوی ژێر زەوی ناوە ناوە ڕاپۆرت لەسەر ئیش و کاری بـیر لێـدەر و پشکنەر و نوسینگە و دەزگاکانی دامەزراندن و پاراستن پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نـاوبراو دەکـات ، بـۆ ئـەوەی بـە پێـی ئـەم ڕێنماییانـە ئیجرائـات دەرهـەق سەرپێـچیکاران وەربگرێت.

٥. لێژنــەیـــەك بـــە سـەرۆکایەتی بەڕێوەبـەری فەرمانگـەی یاسـایی لـە دیـوانی وەزارەتـی کـشتوکاڵ و ئـاودێری پێـك دەهێنـرێ بـۆ لێکۆڵینــەوە لــەو سەرپێـچیانەو جێبـەجێکردنی ئەحکامی ئەم ڕینماییانە .

٦. پارەی سەرپێچی بە پێی ئەحکامی یاسای ژمارە /٥٦ی ساڵی ١٩٧٧ی یاسای وەرگرتنی قەرزی دەوڵەت وەردەگیرێ .

**ماددەی حەوتەم :**

ڕێنماییەکانی ژمارە /١ سـاڵی ١٩٩٥ هەڵدەوەشـێتەوەو کـار بـە هـیچ دەقێـك ناکرێـت ، کـە دژی ئەحکامی ئەم ڕێنماییانە بێت.

**ماددەی هەشتەم :**

هەر کاتێك ئەو ڕێنماییانە لە وەقایعی کوردستان دا بلاّو کرایەوە ، کاری پێدەکرێ .

**وەزیـــری کشــتوکاڵ و ئاودێـری هەرێمی کـوردستان**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com